# با سەربەستی بە یەکێتی جووتیاران و سەندیکای کرێکاران بدرێ

**جووتیارانی کوردستان !**

**کرێکارانی هێز و بازوو !**

لای هەمووان ئاشکرایە کە لە دوای راپەرینی بەهاری 1991ەوە بەرەی کوردستانی جڵەوی دەستەڵاتی لە باشووری کوردستان گرتە دەست، لەیەکەمین هەنگاودا رێکخراوە پیشەییەکانی بەنوێنەرانی حزبەکان پڕکردەوە. ئەو شێوازی نوێنەرایەتی کردنە ئەگەر بۆ ئەوێ رۆژێ کارێکی ئاسایی بووبێ، ئەمرۆ رەوایەتی خۆی لەدەست داوە، دەبێ ئەندامانی ئەو رێکخراوانە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیانەی ئازاد دا نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. هەندێک لەو رێکخراوە پیشەییانە کۆنگرەو کۆنفرانسی خۆیان پێکهێناوەو بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژاردووە، بەڵام مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جووتیاران و سەندیکای کرێکارانی کوردستان لەوەتەی لەدوای راپەرین دروستکراونەتەوە لەسەر بنەمای نوێنەرانی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی کاریان کردووە، ئەمرۆ دوای تێپەڕبوونی نزیکەی شازدە ساڵ بەسەر کاری ئەو رێکخراوانە، دوای دەیان رووداو و گۆڕانکاری، کەچی هێشتا یەکێتی جووتیاران و سەندیکای کرێکاران پێڕەو لە بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی دەکەن و گۆڕانکاری لە پەیکەری بەڕێوەبردنی خۆیاندا ناکەن ، ئێمە لە کاتێکدا خەباتی ئەوان بەرز دەنرخێنین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین ، لەهەمان کاتدا دەخوازین کە ئیدی ئەو رێکخراوانە بەرەو پێکهێنانی کۆنگرە و هەڵبژاردن برۆن. ئێمە دەخوازین کە چیتر کار بە نوێنەرایەتی حزبەکان لە نێو ئەو رێکخراوانەدا نەکرێ، با جووتیاران و کرێکاران مافی ئەوەیان هەبێ نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن .

ئەگەر بڕیاروایە کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو دیموکراتیزەکردن هەنگاو بهاوێژێ، دەبێ حزبەکان بە زۆر نوێنەرانی خۆیان لە نێو رێکخراوەکان دانەنێن و مافی ئازادی هەڵبژاردن بە ئەندامانی رێکخراوەکان بسپێرنەوە. جووتیاران و کرێکارن لە رێگەی چڕکردنەوەی گوشارەکانی خۆیانەوە دەتوانن بەرێوەبەرە پاوانخوازانەکانی ئەو رێکخراوانە ناچار بکەن کە کۆنگرە ببەستن و لەرێگەی دەنگدانەوە نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن. هەر لەم روانگەیەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئاسانکاری لەو بەستێنەدا بکات، بەڵام رەوشەکە پێچەوانەیە، حکومەتی هەرێم ناراستەوخۆ پشتیوانی لەو رێکخراوە پاوانخوازانە دەکات و خەڵکی ناچار دەکات کە ببن بە ئەندامی ئەو رێکخراوانە و ئابوونەیان پێبدەن، تەنانەت بەرێوەبەرێتی کشتوکاڵ هاوکاری هیچ جووتیارێک ناکات ئەگەر ئەندامی یەکێتی جووتیارانی کوردستانی نەبێ ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جووتیاران بە ناچارییەوە دەبێ خۆیان ناونووس بکەن و کۆمەکی یەکێتی جووتیاران بکەن، ئێمە خوازیارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ئازاد بە پێوەری تەرخانکردنی بودجە بۆ رێکخراوەکان لەبەرچاو بگیرێ و چیتر بەزۆر ناسنامەی ئەو رێکخراوانە لەباخەڵی کەس نەنێ .

بەڵێ بۆ گۆڕان..

بەڵێ بۆ ئاشتی..

**دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان**

200-11-16